ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی لەسەر پێشێلکاریەکان، یەکیتی و پارتی ئاگادارەدەکرێتەوە

لەدریژەی کەمپێنێکی سەرتاسەری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بۆ پشتیوانی کردن لە خواست وداواکاری خۆپشاندانی شارەکانی کوردستان، وەفدێکی حزب کە پێك هاتبوو لەهاوریان (هوزان محمود و دەشتی جەمال) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ، ڕۆژی 30-8-2006، چاویان کەوت بە بەریزان (خالد شیبانی، سهی عبد) بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ئەفریقا لە ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی .

لەم دانیشتنەدا، وەفدی حیزب بەوردی ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی لەروداوە سیاسیەکانی کوردستان و هەموو ئەو پیشیلکاریانەی کە دەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی دەرهەق بەمافەکانی خەلکی کوردستان گرتویانەتەبەر ئاگادار کردەوە و لەمبارەشەوە دەیان بەلگەی ڕۆشن وئاشکرایان خستە بەردەست. هەروەها وەفدی حیزب جاریکیتریش پیداگری لەسەر خواستە بەرهەقەکانی خەلکی کوردستان بۆدابینکردنی ئاو کارەباو خزمەتگوزاریەکان و بەرەسمیت ناسینی ئازادی هەلسورانی سیاسی و خۆپشاندان و مانگرتن کردەوە و داوایان کرد کەریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی لەمامەلەی چەکدارەکانی یەکیتی و پارتی بەرامبەر بەخۆپشاندانی هیمنانەی کوردستان بپیچیتەوە و بەئاشکرا ئیدانەو مەحکومی بکات، بەتایبەتی کەبەهیچ شیوەیەك دەستیان لەتەقەکردن و کوشتن وراوانان و زیندانی وپەلاماردانی هەلسوراوانی خۆپیشاندانەکان و ڕۆژنامەنووسان و پاریزەران و لاوان وخەلکی نارازی نەپاراستووە. لەمبارەوە وەفدی حیزب ڕاپۆرتیکی تیروتەسەلی لەسەر مامەلەی یەکیتی نیشتمانی دا بە ریکخراوی ناوبراو، کەتیدا ناوی گیراوەکان و بریندارو کوژراو وهەمووئەوانە کەوتەنەتە بەر پەلاماری ئاسایشی یەکیتیەوە، تۆمارکراوە.

لەبەرامبەردا نوینەرانی ئامادەبووی ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی ویرای سوپاسو پیشوازی گەرمیان لە وەفدی حیزب و بەرز نرخاندنی هەولەکانی حیزب لەراستای گەیاندنی راستی رووداوەکانی کوردستان و مامەلەی دەسەلاتداران، رایان گەیاند کە نامەی رەسمیان داوە بە بەرپرسیارانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، و لەمەودواش کاردانەوەی زیاتر نیشان دەدەن ولەئاستی رای گشتیدا راستیەکان ئاشکرادەکەن. هەروەها وەفدی ریکخراوی ئەمنستی جاریکیتر پیوستی پەیوەندی خۆیان لەگەل حیزب بەگەرمی دوپاتکردەوە..

شایانی باسە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا وەفدی حیزب باری سەرنجی ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونالی راکیشا بۆسیاسەتیك کەحکومەتی بەریتانیا ماوەیەکە بەدژی پەنابەرانی کوردی عیراقی گرتویەتیەیە بەر و داوای لیکردن کەلەمارەوە دەخالەت بکەن..

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

ریکخراوی بەریتانیا

2006/8/31